# وتم



دڵکەش قادر

وتم
من هەر هەمووتم ئەی فریادڕەس
وتت: هێڵێکم تا سەر ستیانی حەزت
لەگەڕانەوەمدا هەموو شوێنێکت دەدزم
تا لە هەموو جێیەکت
لە هەموو هەناسەکت
خونچەیەک بم
وتم:
ئەی جەللاد لە هەموو شتێکی یەکدی هاوخەیاڵین
وتت:
ژوورێکی چۆڵم بە خاڵێکت ئاوەدان دەبمەوە و نێوانی سێو داگیر دەکەم
هێزی ئێمە هەر ئەوەندەیە
کە چەقۆیەک بخەینە سەر سێبەری تەنیاییمان

سلێمانیی
دڵکەش قادر